لیستی کوردستانی

٥٤


# لیستی کوردستانی لیستی پێشمەرگەیە


7

یەکشەممە 2009/6/28
ژمارە 237




# بەڕێوەبەری کەناڵی ئاسمانیی العربیة : ڕیال مەدریدم خۆش دەوێ و بەڕازیلیش جامی کیشوەرەکان بەدەست دێنێت



**دیمانە: سامان بریفکانی**

کەناڵی ئاسمانیی العربیە یەکێکە لە کەناڵە بەناوبانگەکانی عەرەبیی تایبەت بە هەواڵەکانی سیاسی. ئەو کەناڵە تەنیا نووسینگەیەکی لە عێراقدا هەیە، ئەویش لە کوردستانە. بەڕێوەبەری نووسینگەکە ئەحمەد ئەلسالّح-ە کە ڕاگەیاندنکارێکی عەرەبی عێراقییە. ناوبراو جگە لەوەی بە کاروباری ڕاگەیاندنەوە سەرقاڵە، گرنگییەکی تایبەتی بە وەرزش دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا، دەڵێ، ڕۆژانە وەرزش دەکەم، بە تایبەتی یاریی تێنسی سەرزەوی. ئەحمەد دەڵێ، لە هەولێر یاریزانی باشی ئەو یارییە نییە. هەرچەندە من چەند هاوڕێیەکی خۆمم فێرکردووە، بۆ ئەوەی کەسانێک هەبن یارییان لەگەڵدا بکەم. مەلەوانییش یەکێکە لە ئارەزووەکانم، کە بە بەردەوامی دەیکەم. ناوبراو هیچ یارییەکی تۆپی پێی لێ تێپەڕ نابێ، بە تایبەتی یارییەکانی هەڵبژاردەی عێراق، چونکە بە بۆچوونی خۆی، هەموو پێکهاتەکانی عێراقی لە کورد و سوننە و شیعە وئەوانی دیکەی لەخۆ گرتووە. بەڕێوەبەری نووسینگەی "العربیە" دەڵێت: لەگەڵ ئەوەی لە کوردستاندا گرنگییەکی باش بە بواری وەرزش دەدرێت و ئاسایش بەرقەرارە، دەبوایە لە لایەن بەرپرسانی وەرزشیی عێراق هەڵبقۆزرابایەوە، بۆ ئەوەی چالاکییە وەرزشییەکان لێرە بەڕێوە چووبان و سەربازگە مەشقییەکان بە بەردەوامی لێرە بوونایە. ئەحمەد ئەلسالّح هەوادارێکی سەرسەختی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانییە. دەربارەی ئاستی هەڵبژاردەی عێراق لە پاڵەوانێتیی کیشوەرەکاندا ئەلسالّح گوتی: چاوەڕوانی زیاتریان لێنەدەکرا. ئەوەندە ئاستیان بوو. جگە لەوەش کاریگەریی ناوخۆ و گۆڕانکارییەکانی نێو لیژنەی ئۆلۆمپی و یەکێتیی تۆپی پێ لەسەر هەڵبژاردەکە. ئامادەکاریی هەڵبژاردەکە کەم بوو و ڕاهێنەریش درەنگ دەستنیشان کرا. گلەیی لە یاریزانەکان ناکرێت. بە بۆچوونی ئەحمەد ئەلسالّح، نەدەبوایە پشت بە یاریزانە پیشەگەرەکان ببەسترێت، چونکە ئەوان لە ناوو ناوبانگی خۆیان دەگەڕان و هەوڵیان دەدا تووشی پێکان نەبن و گرێبەستی دیکەیان بۆ بێت. بەڕێوەبەری نووسینگەی العربیە پێیوایە لە یاریی کۆتایی جامی کیشوەرەکان، هەڵبژاردەی بەڕازیل جامەکە بەدەست دێنێت.

# کۆبوونەوەیەکی هونەریی لیژنەی سەرپەرشتیاری و ناوبژیوانانی ڤیڤا

کاتژمێر 3ی ئەمڕۆ پێنجشەممە 6/25/ 2009 لیژنەی سەرپەرشتیاری کە لیژنەی ناوبژیوانانی ڤیڤا کۆبوونەیەکی هونەرییان ئەنجامدا و تێیدا چەندین بڕیاریان وەرگرت و بەم شێوەیە بوو:

_ دوورخستنەوەی ناوبژیوانی ئیتاڵی کوپا لە یارییەکانی هەڵبژاردەی کوردستان بە هۆی ئاستی خراپی لە یاریی کوردستان و پادانیا.

_ سەبارەت بە هەڵەی ناوبژیوان و هەژمارکردنی پەناڵتی لە یاریی کوردستان و پادانیا لیژنەکان داوای لێبووردنیان لە هەڵبژاردەی کوردستان کرد.

_ لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتوودا هەر هەڵبژاردەیەک ناوبژیوانێکی نێودەوڵەتی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.

_ دابینکردنی ناوبژیوانی ئاستبەرز لە یارییەکانی داهاتوودا.

## دوێنێ یەکەم یاریی دۆستانەی ئەنجام دا

# فوتساڵی نەورۆز لەتاران لەمەشق و ڕاهێنانکردن بەردەوامە

**تاران- نەوا لەتیف**

تیپی فوتساڵی یانەی نەورۆزی پاڵەوانی وەرزی رابردووی خولی یانەکانی عێراق و پێشەنگی قۆناغی یەکەمی ناوچەی باکوری خولی ئەمساڵ کە لەرۆژی 6/22ەوە لەشاری تاران-ی پایتەختی ئێران کەمپێکی مەشق و ڕاهێنانی کردووەتەوە، بۆماوەی چوار ڕۆژە لەمەشق و ڕاهێنان بەردەوامەو ڕۆژی هەینی 6/26 لە ئەکادیمی میلی ئۆلۆمپیک، چوارەم یەکەی مەشق و ڕاهێنانی خۆی ئەنجام دا کە مەبەست لەکردنەوەی ئەو کەمپە، خۆئامادەکردنی تیپەکەیە بۆ بەشداریکردنیان لەیەکەم خولی فوتساڵی یانەکانی ئاسیا کە وابڕیاربوو ڕۆژانی 4تا7/11 لەشاری ئەسفەهان بەڕێوەبچێت، بەڵام ڕۆژی هەینی بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی ڕەسمی یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا، وادەی دەستپێکردنی پاڵەوانێتییەکە بۆ کاتێکی نادیار دواخراوە.

لەلایەکی دیکەوە شەوی 6-27/26، هەریەک لەسەلام مەعروف-ی بەڕێوەبەری هونەری و سەلام عومەر-ی ڕاهێنەر و کامیل جەلال-ی یاریدەدەری ڕاهێنەری تیپی یانەی نەورۆز، بەیاوەریی د.کامەران-ی جیگری سەرۆکی یەکێتیی تۆپی دەستی ئێران، لەهۆتێل"ئیستقلال" چاویان بەهەریەک لەسەرۆک و جێگری سەرۆک و ڕاهێنەری تیپی فوتساڵی یانەی شەهر ئافتاب-ی خاوەن پلەی دووەمی یانەکانی ئێران کەوت و کۆبوونەوەیەکیان ئەنجام دا.

لەکۆبوونەوەکەدا باس لەچەندین تەوەری گرنگ کرا کەتوندوتۆڵکردنی پەیوەندی وەرزشی ئێران و یاریی فوتساڵ لەگەڵ کوردستان و یانەی نەورۆز، تەوەری گرنگی کۆبوونەوەکە بوو، لە کۆتاییشدا بڕیار لەسەر ئەوەدرا کەرۆژی دووشەممەی داهاتوو هەردوو تیپی یانەکانی نەورۆز و شەهر ئافتاب لەیاریگای شەهر ئافتاب، یارییەکی دۆستانە ئەنجامبدەن.




خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سەرنووسەر
نەژاد عزیز سورمێ
nazhad@xebat.net

سەرپەرشتیار
سامان عەبدوڵڵا بریفکانی
Mob:0750 405 4500
samanbrifkani@yahoo.com

چاپخانەی موکریانی